# ئەرك و كارەكانی دەستە

## بەشی دووەم

ڕێبوار كریم مجید
بەرپرسی بەشی شەفافیەت و ڕەفتاری وەزیفی
فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت
دەستەی دەسپاكی هەرێمی كوردستان

ڕێكەوت ٢٠١٤/١١/١٠

دەستە كار دەكات بۆ

وەكو لە مادەی پێنجەم دیاركراوە :

١- جێبەجێ كردن وپیادەكرنی یاساكانی نەهیشتنی گەندەڵی و پێوەرەكانی ڕاژەی گشتی بە پێ ی دەستور ویاسا كار پێ كراوەكان .

٢- لێكولێینەوە لە كێشەكانی گەندەڵی و ڕەوانەكردنیان بۆ دادگای تایبەتمەند و بەدواداچونیان .

٣- وەرگرتنی سكالای هاولاتیان ئەوانەی پەیوەندییان بە گەندەڵی و لایەنانی جیاجیاوە هەیە و لێكۆڵینەوە كردن تێیاندا.

٤- پاراستنی نهێنی ناسنامەی هاریكارەكان بە گوێرەی یاسا .

٥- بڵاوكردنەوەی كەلتوورێكی نیشتمانی بۆ گەشەپێدانی ڕەوشتی دەسپاكی كەسی و كاركردن بو دانانی پرۆگرامەكانی خوێندنی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی كردن لە چەمكی دەسپاكی .

٦- دەرکردنی ڕێنمایی بۆ ڕێساکانی ڕەفتاری وەزیفی ... ماوەی جاری بە پێی پێویست هەموار دەکریتەوە .

٧- دەرکردنی ڕێنمایی بە گویرەی ڕێساکانی بەدەسهێنانی ناڕەوا ...

٨- أ- دەستە بوی هەیە فەرمانگەی پەیوەندیدار ڕاسپێرێت دەستی ئەو فەرمانبەرە بکێشێتەوە کە لە ژێر لێکوڵینەوەدایە بە گوێرەی یاسا...

ب- دەستە بوی هەیە ئەو پێشێلکاریانەی پەیوەندیان بە ڕاژەی گشتییەوە هەیە ڕەوانەی لای سەرۆکی ئەو فەرمانگە حکومییە بکا کە فەرمانبەری سەرپێچیکاری سەر بە ئەوێیە ، بۆشی هەیە ڕاسپاردەیەك هاوپێچ بکات بۆ گرتنەبەری ڕێکاری بەرزەفتانە و دادوەریانە .

٩- دەستە چاودێری هەڵسووراندنی سامانی هەریم وشێوازی بەڕێوەبردنی دەکات بەهاوکاری لایەنەکانی دیکەی پەیوەندیدار ، چاودێرییەکە یاسایی بونی بڕیار وکاری وەزارت و و فەرمانگە و دەستەکانی ژێر چاودێری ڕادەی دەسپاکییان دەگریتەوە .